حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ٢٥ / ك
رێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(ISO 9001:2015)

العدد:
التأريخ: ٢ / ١ / ٢٠٢٣

## ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠٢٣

## هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی هاوبەشی وەزارەتمان لەگەڵ نوێنەری بەشی مۆڵەت لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی (دهۆک و سلێمانی و هەولێر) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/٧) بە مەبەستی پێداچوونەوە بە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ و کێشەکانی هۆبەی مولەت لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکان .

**بڕیارماندا بە دەرچوواندنی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم: هەموار کردنەوەی (ماددەی چوارەم/یەکەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

یەکەم: مۆڵەتی شوفێری ماتۆرسیکل:

١- مۆڵەتی جۆری : (A1) ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ماتۆرسیکل بکات، کە قەبارەکەی لە ( 40cc )زیاتر بێت تا ( 120cc) و تەمەنی (١٦) ساڵی تەواو کردبێت.

٢- مۆڵەتی جۆری : (A ) ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ماتۆرسیکل بکات کە قەبارەکەی لە( 40cc ) زیاتر بێت و تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت.

٣- ماتورسکێلی کارەبایی هەمان برگەی (١)ی سەرەوە لەسەر جێبەجێ دەکرێت .

٤- ماتورسکێلی جۆری hybrid (هجین) هەمان ڕێکارەکانی برگەی (١و٢)ی سەرەوە لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

**دووەم:** هەموار کردنەوەی (ماددەی چوارەم/سێیەم/٥) بەم شێوەیەی خوارەوە:

مۆڵەتی جۆری (D1 ) : ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری پاس بکات کە لە (١٦) سەرنشین لەگەڵ شوفێر زیاتر نەبێت و درێژی پاسەکەی لە (٨) مەتر زیاتر نەبێت و دەتوانێت عەرەبانەیەك کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت رابکێشێت و پێویستە داواکار تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و پێشتر مۆڵەتی جۆری (B ) بەدەست هێنابیت و ساڵیکی بەسەر تێپەڕبووبێت.

**ماددەی دووەم:**

هەموار کردنەوەی (ماددەی شەشەم/١و٢) بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بڕی (٥،٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر هەر داواکارییەکی مۆڵەتی شوفێری.

٢- بڕی (١٠،٠٠٠) دە هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر بە پێدانی فۆرمی مۆڵەتی شوفێری بۆ هەموو جۆرەکانی وە هەر جۆرە مامەڵەیەکی تر.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیل: info@moi.gov.krd
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
ژ.تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
Address: Kurdistan Region-Iraq
www.moi.gov.krd
19/ 12/ 2022

**ماددەی سێیەم:**

هەموار کردنەوەی (ماددەی حەفتەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی حەوتەم:

یەکەم/ گۆرینی مۆڵەتی شوفێری بیانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- مۆڵەتی شوفێری بیانی جۆرەکانی (A) و (B) و (BE) دەگۆڕدرێت بۆ مۆڵەتی نوێی شوفێری لە هەرێم و تەنها بۆ ماوەی یەك ساڵ کاری پێ دەکرێت.

٢- دوای تەواوبوونی ماوەی برگەی (١)ی سەرەوە پێویستە کەسی بیانی مۆڵەتی شوفێری نوێ دەربکات بە پێی ئەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە و مولەتی شوفێری لە جۆرەکانی (A) و (B) و(BE) بە پێی ماوەی نشینگەی پێی دەدرێت .

٣- پێویستە کەسی بیانی بڕی پارەی دیاری کراو لە برگەی (٥)ی ماددەی (شەشەم) بدات .

٤- فەرمانبەرانی بیانی کونسوڵگەرییەکان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە جگە لە کونسوڵگەرییە فەخرییەکان مۆڵەتی شوفێریان پێ دەدرێت بە پێی برگەکانی (١و٢)ی ئەم ماددەیە .

دووەم/ پێویستە کەسی بیانی نشینگەی فەرمی هەرێمی کوردستانی هەبێت و بەسەر نەچووبێت .

**ماددەی چوارەم:**

هەموار کردنەوەی (ماددەی پانزدەیەم/٤) بەم شێوەیەی خوارەوە:

٤- مۆڵەتی شوفێری جوری تاکسی دەردەکرێت بۆ یەکەم جار یان نوێ دەکرێتەوە بەم مەرجانەی خوارەوە :

أ. پێویستە پێشتر مولەتی لە جۆری (B) هەبووبێت و ساڵێکی بەسەردا تێپەربووبێت .

ب. تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت.

ج. دەستەواژەی (TAXI) لەسەر پشتی کارتی مۆڵەت دەنووسرێت لە شوێنی تێبینیەکان وەك ئامازەیەك بۆ مافی خاوەنەکەی بۆ کارکردن وەك شوفێری تاکسی.

د. گورینی مولەتی شوفێری لە جوری (B) بۆ تاکسی تاقیکردنەوەی تیوری و پراکتیکی ناوێت.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

ڕێبەر ئەحمەد

وەزیـــری ناوخـــو

**وێنەیەک بۆ:**

- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان / بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە.
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ / بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەر بەخۆکان / بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان و پێدانی مۆڵەت.
- فەرمانگەی یاسایی .
- ب.هەماهەنگی و بەداواداچوون .
- خولاو